# هۆنراوه




## چەتر

چەترێ تازەم کڕیوه
کەس چەتری وای نەدیوه
خۆزگه بەفرێ بباریٚ
حەوشەکەمان داشاریٚ
منیش چەترەکەم هەڵکەم
بەکۆڵانانا ڕاکەم
بەڵام نەبێ وریا بم
منداڵێکی ئازا بم
نەوەك پام هەڵخلیسکێ
چەترەکەیشم لیٚ بشکێ

ژیلا حوسێنی ـ سنه



## گوڵ و پەپووله

گوڵ و پەپوولەو جوانی
هاوڕێی گیانی بەگیانی

بچنه لای یەك چرکەیەك
پێشکەش دەکەن خەندەیەك

گوڵ بەبۆنی سەرسامی
تێکەڵ بە سۆزو جوانی

پەپوولەش چەند عاشقه
چەند رۆح سووك و ناسکه

دێ و دەچێ لەدەوری گوڵ
سەما دەکا لەوسەر چڵ

سەیرکەن پەپوولەو گوڵ
جۆش و خرۆشن بۆ دڵ

چەند خۆشه ئەو دنیایه
بێگەردی و پاکی تیایه

قادر حسێن عەلی